**بۆچی دادگای باڵای تاوانەکانی عێراقی تاوانی  کۆمەڵکوژی پێشمەرگەکانی گوردانی شوانی شاردەوە ؟؟؟**

**عەلی مەحمود محەمەد**

بەرواری ۹-۳-۲۰۰۶ , ر ش ر  ناسراو بە ر ر سەرکردەیەکی  کۆمەڵە, سکاڵا لەسەر حکومەتی ئێرانی بەرامبەر بە تاوانی  کۆمەڵکوژی ۷۱  پێشمەرگەی گوردانی شوان لە چوارچێوەی  تاوانی کیمیابارانی شاری هەڵەبجە لای دادوەری لێکۆڵینەوەی لقی سلێمانی دادگای باڵای تاوانەکانی عێراقی  تۆمار دەکات لەسەر ناوی سازمانی کوردستانی حکا ناسراو بە کۆمەڵە" سکاڵاکە لای من پارێزراوە", بە پێی وتەی وەرگیراوی سکاڵاکەر  ۶۰ پێشمەرگەی کۆمەڵە لە میانی تاوانەکە گیان بەخت دە کەن و ۱۱ەش  وەک دیل دەکرێن دواترلە زیندانی شاری سنە  ئیعدام دەکرێن, کە بۆخۆی ئیعدام کردنی دیلی جەنگ  تاوانێکی دیکەیە  بە پێی رێکەوتنامەی جنێف, "پێشتر لە گەڵ  دادوەری بەڕێزی ناوبراو  ک ع ر  گفتوگۆمان لەوبارەیەوە کردبوو وە زانیاری پێویستمان خستبووە بەردەستی", ئەو تاوانە  وەک کات و جوگرافاو ئەکتەرەکانی تاوانی هەڵەبجە دەچنە چوارچێوەی هەمان تاوانەوە,  پاش وەرگرتنی وتەی ناوبراو لە چوار لاپەڕە بە ژمارەی " ۲۲۰۵,۲۲۰٤,۲۰۳,۲۲۰۲ " لە دۆسیەی ئامادەکراو بۆ دادگای باڵای تاوانەکان , وەک سکاڵا خرایە ناو دۆسیەی  تاوانی کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجەوە , دەبوایا لە کاتی دادگای دۆسیەی هەڵەبجە بەشێک بوایە لە پرۆسەی دادگاییەکە,  لە کاتێکدا  تاوانی  ناوبراو بە پێچەوانەی تاوانی کیمیابارانکردنی شاری سەردەشت  لەسەر زەوی عێراق و لە چوارچێوەی تاوانی هەڵەبجە لە روی جوگرافیاو کاتەوە روی دابوو,بە هەموو پێوەرێک دەبوایا سکاڵاکە پەسەند بکرابایا و بچوایەتە دەستوری کاری دادگاوە,کەچی  بە پێچەوانە   فەرامۆش  کرا بەهۆی نا سەربەخۆیی و سیاسی بوونی خودی دادگاکەوە,   تەنانەت نەک سکاڵاکەر بانگ نەکرا بۆ دادگا وەک هەموو سکاڵاکەرانی دی دۆسیەی کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجە لە کاتی دادگا , بگرە لە دۆسیەکە دەرکراو وەڵامیش نەدرایەوە بە رەتکردنەوەش , لەوکاتانەدا بە دواداچوونم بۆی کرد بەڵام بێ هودە بوو, دیارە هەمان دۆسیە  لە کاتی دادگایکردنی فرانس ڤان ئانرات لە وڵاتی هۆڵەندا  کاک م ب  م برد بۆلای داواکاری گشتی هۆڵەندا بۆ سکاڵاکردن لە کۆماری ئیسلامی ئێران لەوێش دۆسیەکەیان پەسەند نەکرد, بەهۆی بەرلێکەوتنی بەرژەوەندییەکانی هەردوو وڵاتەوە.

تاوانی   شەهید کردنی پێشمەرگەکانی  رۆژهەڵات "  کۆمەڵە , سوپای رزگاری و حیزبی دیموکرات.." لە کاتی ئەنجامدانی تاوانی هەڵەبجە, تاوانێکی نێونەتەوەییەو کات و شوێن ناتوانێت دۆسیەکە دابخات, لە هەر کات و شوێنێک دەتوانرێت بهێنرێتەوە بەر رۆژەف بۆ نموونە سکاڵاکردن لە دادگایەکی وەک وڵاتی ئەرجەنتین ,  ئەم تاوانە بەشێکە لە تاوانی هەڵەبجە و دەبوایا ئێستا ناوی ئەو قوربانیانە لە پاڵ ناوی قوربانیانی هەڵەبجە جوت بکرابایا  لەناو مۆنمێنتی هەڵەبجە و هەمووشیان لە گۆڕستانە رەمزییەکە کێلی تایبەتی خۆیان هەبوایا, وەک ئەو پێشمەرگانەی

لایەنە بەشداربووەکانی باشور کە لەو رۆژگارەدا گیانیان بەخت کرد, لە پێناو خەونە ناشرینەکانی سەرکردەکانیان, هاوکات لایەنە بەشداربووەکانی شەڕی هەڵەبجە لە " ینک, پدک, حسک, بزوتنەوەی ئیسلامی, مەجلس ئەعلاو حیزبی دەعوە.." , بە فەرمی داوای لێبوردنیان لێیان بکردبایا بەهۆی ئەوەی بێ ئاگادارکردنەوەیان خستیانیانە ناو جەهەنەمی شەڕەکەوە, بە تایبەت " کۆمەڵەو رزگاری" بەهیچ شێوەیەک لە بیارە ئاگادار نرکراونەتەوە لە شەڕەکە بە پێچەوانەی هەندێک بڵاوکراوەی هەندێک بەرپرسی باشور, وە پێویستە قەرەبووی کەسوکاریانیان بکرێتەوەو وەک شەهیدی هەڵەبجە لە روی قەرەبووی مەعنەوی مادی تۆمار بکرابانایاو مۆنمێنتێکیش بۆ قوربانیانی رۆژهەڵات لە گۆڕستانی شەهیدانی هەڵەبجە دروست بکرابایا.